# یەکێتی زانایانی ئیسلامی چەند خەمخۆری ئیسلامە ؟

فاضل قەرەداغی

هەموو کەس دەزانێت کە پێویستە رێکخراوەکان سەربەخۆبن و دەسەلأت دەست نەخاتە کاروباریان تا بتوانن بە دروستی کارەکانی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن، لەبەر ئەوەش کاتێك رێکخراوێکی وەك یەکێتی زانایانی ئیسلامی لە هەردوو ئیدارەکەی کوردستان بەم جۆرەی ئێستا لە ژێر دەستی دەسەلأتدا بێت کەس چاوەرێیان لیٚ نەکات هەلۆێستی سەربەخۆیان هەبێت یان کارێك بکەن پێچەوانەی ئەو وەزعەی دەسەلأت لێی رازییە.

ئەو دوو رێکخراوەی کوردستان نەدەتوانن دژ بەو شتانە قسە بکات کە ئەوان و ئیسلام دژ بەیەکن ، نەدەشتوانن داوای شتێك بکەن ئیسلام داوای دەکاتو جێگەی لای دەسەلأت نابێتەوە ، نموونەش زۆرە مەگەر تەنها نموونە زەقەکان باس بکەین ، یەکێك لەو نموونە زەقانە ئەوەیە کەس گومانی لە حەرامێتی مەشروب نییە و کەسێکیش کەمێك شارەزای ئیسلام بێت دەزانێت کە پێویستە دەسەلأت سزای ئەوانە بدات مەشروب دەخۆنەوە بەلأم ئایا یەکێتی زانایان دەتوانێت فشار بخاتە سەر دەسەلأت مەشروب قەدەغە بکات ؟

وەکو وتم تەنها نموونەی زەق باس دەکەم و تۆ بیر لەدەیان شتی تر بکەرەوەو بزانە ئەو دوو رێکخراوە ، هەروەها هەموو رێکخراوە هاوجۆرەکان لە دەرەوەی کوردستاندا چەند توانیویانە ئەو شتانە بکەن و بلێن کە ئەرکە لەسەریان وەکو زانای ئیسلامی بیانکەن و بیانلێن

هەموو ئینجازی یەکێتی زانایان دەبێت چی بێت ؟ یەکێك لەو دەستکەوتانە یەکخستنی بانگی مزگەوتەکان بەجۆرێك لەیەك کاتدا مزگەوتەکان لەیەك کاتدا بانگ بدەن ئەویش بەهۆی بەستنی مزگەوتەکان بەشێوەیەکی مەرکەزییەوە ، گوایە دەلێن بە " کۆمپیتەر" دەکرێت . ئیسلام شتی زۆر لەوە لەپێشتر دەوێت و تەنانەت ئیسلام داوای ئەم یەکخستنەی نەکردووە چونکە ئاشکرایە کە کاتی بانگ بە دەقیقەو بە چرکەی ورد حساب ناکرێت و ناتوانین بلێین دەبێت لە دەقیقەیەکی دیاریکراودا بانگ بدرێت ئەویش چونکە کاتی خۆی کاتژمێر نەبووە کاتی بانگ حساب بکات ، پاشان زەرەری چییە ئەم مزگەوتە تەواو نەبووبێت ئەوەی تر دەست پیٚ بکات ؟ خۆ هەمووی ماوەیەکی کەمە بۆ ئەو فرە بانگانە .

من وای بۆ دەچم رەنگە هەلەش بم کە بێدینەکانی خۆمان لەوە بیٚ تاقەتن بانگ هێندەی پیٚ بچێت و باشترە لایان ئەگەر هەموو مزگەوتەکان لەیەك چرکەدا دەست پیٚ بکەن و لەیەك چرکەدا تەواو بن ، لاشیان باشترە ، بۆ ئەمەشیان تەواو دلنیام ، کە بانگ هەرنەمێنێت ، بۆیە لەوانەیە ئەمان لە پشتی ئەم بریارەوە بن خوا بکات هەلە بم با هیچ نەبێت ئەم ئینجازە گەورەیە بۆ رێکخراوی زانایان بمێنێتەوە. بەکورتی هیچمان لەو دوو رێکخراوە ئیسلامیە نەبینیوە بیسەلمێنێت کە بەراستی خەمخۆری ئیسلامن ، بێگومان مەبەستم لە دوو رێکخراوەکەیە بە گشتی دەنا مامۆستای ئایینی زۆریش هەن بەتەنگ ئیسلامەوەن بەلأم لە نیزامێك بایەخ بە ئیسلام نەدات جێگەی ئەمانە ریزەکانی پشتەوەیە.